# دروست کردنی باسوق و سنجوق له دۆشاوی ترێ

خەیام کارگەچی

لە لادێ لەو شوێنانەی سەختەو ڕێگاو بانی ناگاتێ هەر لە شوێن ڕەزەکاندا بە زۆری دروسپت دەکرێت ، ئەو کەسانەی کە دۆشاوو باسوق دروست دەکەن ، لە پێش هەموو شتێکدا بەرهەمی ترێکەیان کۆ دەکەنەوە ، دوێلە دۆشاوی بۆ ئامادەدەکەن بۆ ئەوەی ترێیەکەی تێدا بگوشن ، دوێلە دۆشاو : لە قەدی داری گەورە داتاشراوەو ناوەکەی چاڵە لە کۆتایی چاڵەکەوە بلوسکێکی بۆ کراوە بۆ ئەوەی ترێ گوشراوەکەی لێ بێتەخوارەوە .

ئەم ترێیە دەخرێتە ناو ئەم دوێلە دۆشاوەو دەگوشرێت ئاوی ترێیەکە بە بلوسکەکەدا دێتە خوارەوە بۆ ناو مەنجەڵێکی گەورە ، دووای گوشینی ترێیەکە دادەنرێت بۆ ئەوەی بەتەواوی بزرنگێتەوە ،

لێرەدا دەبێت ئەوە ڕەچاو بکەین ئەگەر : مەبەست لە دروست کردنی باسوق‌بێت دەبێت ئاوی یەکەمی گوشینی ترێیەکە بەکار بهێنرێت .

بەلام : بۆ دۆشاو ئەو تلپانەی دەمێنێتەوە لە گوشینی یەکەم جار ئاوی تێدەکرێت‌و دیسانەوە دەگوشرێتەوەو ئاوەکەی وەردەگیرێتەوە لە کاتی گوشینی ترێکەدا گڵەشۆکی[1] تێدەکرێت یان لەکاتی زرنگانەوەیدا .

گڵە شۆك : گڵێکی سپی‌یە شێوەی وەك گەچ وایە ، ئەم گڵە جۆرێکی تری هەیە ڕەنگێکی بۆری هەیە ، ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن زیاتر شارەزای ئەم گڵەن لە کەسانی تر .

ئەو ڕێژەیەی بەکاردێت بۆ ئەم مەبەستە بۆ هەر ٢٠ کیلۆ ئاوی ترێ (٢٠ لتر) ، یەك کیلۆ گڵە شۆکی تێدەکرێت ، ئەگەر بێت‌و لەم ڕێژەیە کەمتر بێت ئەوا ئاوی ترێیەکە دەترشێت‌و خەسار دەبێت ، ئاوی ترێیەکە بە گڵە شۆکەکەوە دەخرێتە ناو مەنجەڵێکی گەورەوەو دەخرێتە سەر ئاگرێکی خۆش دەکولێنرێت هەتا کەفێکی سپی دەر دەکات ، ئەگەر مەنجەڵەکە سەرلێوان‌بێت ئەوا خۆی کەفاوەکەی بە هۆی قوڵپەقوڵپی ئاوە ترێیەکەوە بە لێواری مەنجەڵەکەدا دێتە خوارەوە ، بەلام : لە کاتێکدا ئەگەر : مەنجەڵەکە سەرلێوان نەبێت لەم کاتەدا پێویستە بە کەوچکێك کەفەکەی لێ فڕێ بدرێت ،

ئەم کوڵانە ماوەی ٢٠-٣٠ دەقیقە یان پتر دەخایێنێت لە دووای ئەم کوڵانە ئاوی ترێیەکە خەست دەبێتەوەو دادەگیرێت بۆ ماوەی ٢٠ دەقیقە دادەنرێت بۆ ئەوەی بزرنگێتەوەو خڵتەکەی بنیشێت بەمە دەوترێت : دۆشاو (شیلە دۆشاو) دووای زرنگانەوەی دەپاڵێودرێت بۆ ئەوەی کەف‌و خڵتەکەی لێ‌بێتەوە ،

بۆ دروست کردنی باسوق ئەم شیلە دۆشاوە دەخرێتە سەر ئاگر بۆ ماوەی ٢٠ دەقیقە یان زیاتر دەکولێنرێت کە شیلە دۆشاوەکە دەستی‌کرد بە کوڵان بە ئەسکوێیەك بەلەباری تێك وەردەدرێت‌و ئاردی سپی زبری گەنمی کوێستانی بۆ ئامادە دەکرێت کەم کەم لە گەڵ کوڵاندا دەکرێتە ناو شیلە دۆشاوەکەوە تا بەگوێرەی خۆی خەست دەبێتەوە ، لەم کاتەدا نابێت ئاردی زۆر تێ‌بکرێت بۆ ئەوەی زۆر خەست نەبێت ،

ئینجا باسوقەکە دادەگیرێت‌و دەرژێتە سەر سینی ئامادەکراو ، کە باسوقەکە ڕژایە سەر سینی لە شوێنێکی سێبەر دادەدەنرێت بۆ ئەوەی هەتاوی لێ نەدات‌و لیق هەڵبهێنێت‌و چاك دەرنەچێت چاکتر وایە لە دووا نیوەڕۆیەکی درەنگدا بکرێت ئەوکاتەی کە هەتاو بی‌تین دەبێت . بۆ ڕۆژی ئایندە توند دەبێت ئینجا قاش دەکرێت‌و ئاردی تێوە دەدرێت‌و هەڵدەگیرێت .

بۆ دروست کردنی سنجوق کاکڵە گوێز دەدرێت لە پەلۆلاوی باسوقەوە ، توێژاڵە باسوق بە کاکڵە گوێزەکەوە دەنوسێت بەمە دەوترێت : سنجوق .

بۆ نوسینی ئەم باسە سودم وەرگرتوە لە محمد عزیز صالح خەڵکی دێی سرگلوە تەمەن ٣٥ ساڵە دانیشتووی کومەڵگای (سورە ئلاك)ە